به ناوی گەل

ئەنجومەنی سەرۆکایەتی

ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی نوێنەران و پەسەندکردنی ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و بە گوێرەی ئەحکامی بەندی یەکەم لە مادەی (61) و بەندی سێیەم لە مادەی (73) لە دەستور، بڕیار لەسەر ئەم یاسایە درا:-

## ژمارە ( 12 ) ساڵی 2010

## یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان

### بەشی یەکەم

### پێناسە و ئامانجەکان

**مادەی (1)**

لەم یاسایەدا مەبەست لە زاراوە و دەستەواژەکانی خوارەوە، ماناکانی بەرامبەریانە:-

**یەکەم: ڕێکخراوی ناحکومی:** بریتییە لە کۆمەڵێک کەسانی ئاسایی یان مەعنەویی، بە گوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە تۆمار کراوە و کەسایەتییەکی مەعنەوی پەیدا کردووە، بە بێ مەبەستی قازانج کار دەکات.

**دووەم. ڕێکخراوی ناحکومیی بیانی:** لقی ڕێکخراوێکی ناحکومییە کە بە گوێرەی یاسای دەوڵەتێکی تر دامەزراوە.

**سێیەم: تۆڕی ڕێکخراوە ناحکومییەکان:** ڕێکخراوێکی ناحکومییە بە گوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە دامەزراوە، لە چەند ڕێکخراوێکی ناحکومی پێک دێت، و هەر یەکێکیان کەسایەتیی مەعنەویی خۆی هەیە.

**چوارەم: فەرمانگە:** فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە سکرتارییەتی گشتی (ئەمانە عامە)ی ئەنجومەنی وەزیران.

**مادەی (2)**

ئامانجی ئەم یاسایە بریتییە لەمانەی خوارەوە:-

**یەکەم.** پتەوترکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و پشتگیریان و گەشەسەندنیان و پاراستنی سەربەخۆییان بە گوێرەی یاسا.

**دووەم.** پتەوترکردنی ئازادیی هاوڵاتیان بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوی ناحکومی و ئەندامبوون تێیدا.

**سێیەم.** داڕشتنی میکانیزمێکی مەرکەزیی بۆ ڕێکخستنی پرۆسەی تۆمارکردنی ڕێکخراوی ناحکومیی عێراقی و بیانی.

**مادەی (3)**

ڕێکخراوەکە هەوڵ دەدات بە شێوازی ئاشتیخوازانە و دیمۆکراسییانە ئامانجەکانی بهێنێتە دی.

**بەشی دووەم**

**دامەزراندن**

**مادەی (4)**

**یەکەم:** هەموو کەسێکی ئاسایی یان مەعنەویی عێراقی مافی هەیە ڕێکخراوی ناحکومی دابمەزرێنێت یان ببێت بە ئەندامی، یان لێی بکشێتەوە، بە گوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە.

**دووەم.** ئەندامی دامەزرێنەر پێویستە ئەم مەرجانەی هەبێت:-

أ. خاوەنی ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، یان لە عێراق نیشتەجێ بێت.

ب. شایستەیی تەواوی هەبێت و تەمەنی لە (18) ساڵ تێپەڕی بێت، بۆ کەسی ئاسایی.

ج. هیچ حوکمێک نەدرابێت لەسەر تاوانی ناسیاسی یان پەیوەست بە شەرەف.

**مادەی (5)**

**یەکەم.** داواکاریی دامەزارندنی ڕێکخراو پێشکەش بە فەرمانگە دەکرێت، و دامەزرێنەرەکان واژۆی دەکەن، بە مەرجێک ژمارەیان لە (3) کەس کەمتر نەبێت، و ئەم خاڵانەی خوارەوەش لەخۆ بگرێت:-

أ. ناوی (فەرمیی) ڕێکخراوەکە بە زمانی عەرەبی یان کوردی، لەگەڵ ئینگلیزی.

ب. ناونیشانی ڕێکخراوەکە، بە پشتگیری لایەنێکی پەیوەندداری فەرمییەوە (بەڵگەنامەی نیشتەجێبوون)..

ج. ناوی ئەندامانی دامەزرێنەر، ژمارەی تەلەفۆنیان، و پۆستی ئەلیکترۆنیان (ئەگەر هەبێت.)

**دووەم.** لەگەڵ داواکاریی دامەزراندنەکە ئەم خاڵانەش هاوپێچ دەکرێن::

أ. لێدوان (بەیان)ی دامەزراندن.

ب. پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە.

ج. (وێنەی ڕەگەزنامەی عێراقی، و ناسنامەی باری کەسیی ئەندامانی ئاسایی، یان بەڵگەنامەی نیشتەجێبوون بۆ ئەوانەی نیشتەجێن).
د. ناوی ئەو کەسانەی بە یاسا ڕێپێدراون نوێنەرایەتی ڕێکخراوەکە بکەن و بە ناوی ڕێکخراوەکەوە پێڕاگەیاندنی (تبلیغات)ی فەرمیی ڕێکخراوەکە وەربگرن، و وەڵامی پرسیارەکانی بواری دامەزراندن و تۆمارکردن و شێوازەکانی پەیوەندی پێکەوەکردنیان، بدەنەوە.

مادەی (6)

پێویستە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە ئەم خاڵانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:-

**یەکەم**. ناوی فەرمیی ڕێکخراوەکە بە عەرەبی یان کوردی یان هەر زمانێکی تر ڕێکخراوەکە هەڵیبژێرێت.

**دووەم**. ناونیشانی نووسینگەی سەرەکیی ڕێکخراوەکە.

**سێیەم**. لێدوان (بەیان)ێکی تێروتەسەلی ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە، و شێوازەکانی بەدیهێنانیان.

**چوارەم**. وێنەی دروشم و مۆری ڕێکخراوەکە.

**پێنجەم**. مەرجەکانی ئەندامێتی و بارەکانی کۆتایی هێنان بە ئەندامێتی، و ماف و ئەرکەکانی ئەندام.

**شەشەم**. لێدوانی پەیکەربەندیی ڕێکخراوەیی (هەیکەلی تەنزیمی) ڕێکخراوەکە، و میکانیزمی هەڵبژاردن، و دەسەڵاتەکانی هەر دەستەیەک لە دەستەکانی.

**حەوتەم**. دیاریکردنی ئەو لایەنەی ناو ڕێکخراوەکە کە دەسەڵاتی دەستکاریکردنی پەیڕەوی ناوخۆی هەیە و بۆی هەیە بڕیاری هەڵوەشاندنەوە یان ئاوێتەکردن یان دابەش کردنی ڕێکخراوەکە دەربکات، هەروەها ئەو لایەنەی بۆی هەیە لەناو ڕێکخراوەکەدا پارە بگوازێتەوە، بە ڕەچاوکردنی بڕگەی یەکەم و چوارەم لە مادەی 22.

**هەشتەم**. دیاریکردنی ئەو لایەنەی ناو ڕێکخراوەکە کە کارمەند دادەمەزرێنێت و مووچە و کرێکانیان بۆ دیاری دەکات.

**نۆیەم**. سەرچاوەکانی دارایی ڕێکخراوەکە، و بڕی ئابوونەی مانگانە یان ساڵانە (ئەگەر هەبێت).

مادەی (7)

داواکاریی دامەزراندن و کاروباری تۆمارکردن لە هەموو ڕەسمێک بووراوە (بەخشراوە)

مادەی (8)

**یەکەم**. لە ماوەی (7) رۆژدا لە رۆژی تۆمارکردنیی رێکخراوەکە لە فەرمانگەکە، فەرمانگە بڕیاری خۆی دەدات، ئەگینا داواکارییەکە بە پەسەندکراو دادەنرێت.

**دووەم**. لە ماوەی (30) رۆژ لە رۆژی پەسەندکردنی داواکاریی دامەزراندنەکەوە، رێکخراوەکە مامەڵەی تۆمارکردن پێشکەش دەکات، ئەگینا داواکاریی دامەزراندنەکە بە رەتکراوە دادەنرێت.

**سێیەم**. پێویستە لەگەڵ مامەڵەی تۆمارکردندا ئەم بەڵگەنامانە هاوپێچ بکرێت:-

**أ**. فۆرمی تۆمارکردن کە لە لایەن فەرمانگەوە ئامادە کراوە، و زانیارییەکانی ناوی پڕ دەکرێتەوە.

ب. کۆنووسی هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردن یان بڕیاری دانانی دەستەکە.

**چوارەم**. فەرمانگە لە ماوەی ئەوپەڕی (30) رۆژ لەو رۆژەوەی مامەڵەی تۆمارکردنەکەی بە هەموو زانیاری و بەڵگەنامە پێویستەکانەوە پێگەیشتووە، بڕوانامەی تۆمارکردن دەردەکات.

**پێنجەم**. لە رۆژی دەرکردنی بڕوانامەی تۆمارکردنەوە رێکخراوەکە خاوەنی کەسایەتی مەعنەویی خۆی دەبێت.

**شەشەم**. ئەگەر فەرمانگە داوای دامەزراندن یان تۆمارکردنی رێکخراوەکە رەت بکاتەوە ئەوسا پێویستە هۆیەکانی ئەم بڕیارەی بە نووسراوی فەرمی بگەیەنێت بە داواکارەکان. فەرمانگە تەنها لەو حاڵەتەدا بۆی هەیە داوای دامەزراندن یان تۆمارکردن رەت بکاتەوە کە پێشێلی ئەحکامی ئەم یاسایەی کردبێت.

**حەوتەم**. دەتوانرێت تانە لە بڕیارەکەی فەرمانگە بە رەتکردنەوەی داوای دامەزراندن یان تۆمارکردنی فەرمانگەکە بدرێت لەلای دادگای (تێهەڵچوونەوە بە سیفەتی تەمییز) لە ماوەی (30) رۆژ لەو رۆژەوەی پێڕاگەیاندنەکە وەرگیراوە.

مادەی (9)

فەرمانگە تۆمارێکی تایبەت بۆ رێکخراوە ناحکومی و تۆڕی رێکخراوە ناحکومی و لقەکانی رێکخراوە ناحکومییە تۆمارکراوەکانی لای خۆی دەکاتەوە، ئەم تۆمارە ناوی رێکخراو یان تۆڕەکە یان لقەکانی، بواری کارەکانی، ناونیشانی تەواوی، و هەر بڕیارێک کە دەرکرابێت لەسەری یان هەر سزایەک کە بە سەریدا سەپێندرا بێت، لەخۆ دەگرێت.

**مادەی (10)**

ئەم خاڵانەی خوارەوە لە هەموو ڕێکخراوێک قەدەغەن:-

**یەکەم.** ڕێکخراوی ناحکومی بۆی نییە ئامانجی ئەوتۆی هەبێت و چالاکی ئەوتۆ ئەنجام بدات کە پێچەوانەی دەستور و یاسا کارپێکراوەکانی عێراق بێت.

**دووەم.** کاروباری بازرگانی بکات بۆ دابەشکردنی پارە بەسەر ئەندامەکانیدا بۆ بەرژەوەندیی کەسیی، یان ڕێکخراوەکە بۆ خۆدزینەوە لە باج بەکاربهێنێت.

**سێیەم.** کۆکردنەوەی پارە بۆ پشتگیری لە پاڵێوراوانی پۆستی گشتیی یان پشتگیریی داراییان.

**چوارەم.** لە پەیڕەوی ناوخۆیدا ئاماژە بدات بە دابەشکردنی ئەو پارانەی کە لە بەخشش و کۆمەک و یارمەتیی ئەندامەکانییەوە بۆی هاتووە لە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکەدا.

## بەشی سێیەم

## ئەندامێتیی

**مادەی (11)**

**یەکەم.** پێویستە ئەندامی ڕێکخراو:-

**أ.** بە ڕەگەزنامە عێراقی بێت، یان لە عێراق نیشتەجێ بێت.

**ب.** شایستەیی تەواوی هەبێت و تەمەنی لە (18) ساڵ تێپەڕی بێت.

**ج.** کەسانی خوار هەژدە ساڵ بۆیان هەیە ببن بە ئەندام لە ڕێکخراوەکە، بەڵام بۆیان نییە دەنگ لەسەر بڕیارەکانی بدەن.

**د.** بە نووسین بە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە ڕازی بوو بێت.

**دووەم.** ڕێکخراوەکە مافی هەیە کەسانی بیانیی نیشتەجێی کۆماری عێراق بە ئەندام وەربگرێت، بە مەرجێک ژمارەیان لە ڕێژەی (25%)ی کۆی ئەندامەکان زیاتر نەبێت، ئەمە ئەو ڕێکخراوانە ناگرێتەوە کە لە لایەن بیانییە نیشتەجێکانی عێراقەوە دادەمەزرێن.

**سێیەم.** هەموو کەسێک مافی هەیە ئەندام بێت لە چەند ڕێکخراوێکدا، بەڵام بۆی نییە سەرۆکایەتی زیاتر لە یەک ڕێکخراو بکات.

**چوارەم.** ڕێکخراو مافی هەیە مەرجەکانی ئەندامێتی تایبەت بە خۆی دیاری بکات، بە مەرجێک پێچەوانەی ئەحکامی ئەم یاسایە نەبێت، و ڕەچاوی ئەو مەرجانە بکات کە لە بڕگەی پێنجی مادەی 6 هاتوون.

**پێنجەم.** ئەندامان و دامەزرێنەران و کارمەندانی ڕێکخراو و ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردن یان جێبەجێکاری بەرپرسیار نین لە پابەندییە یاساییەکانی ڕێکخراوەکە، و ئەو کەسانەی قەرزیان لای ڕێکخراوەکەیە بۆیان نییە داوایان لێ بکەن قەرزەکانی ڕێکخراوەکە لە پارەی تایبەتیی خۆیان بدەنەوە.

**شەشەم.** نەوجەوان بۆی هەیە ببێت بە ئەندام لە ڕێکخراودا، و ئەندامێکی فەخریی دەبێت، بەڵام مافی ئامادەبوونی نییە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی یان دەنگدان لە بڕیارەکانیدا.

**مادەی (12)**

پێویستە ئەندامان و کارمەندانی ڕێکخراو پابەند بن بەم خاڵانەی خوارەوە:-

**یەکەم.** ئاشکراکردن و دوورکەوتنەوە لە هەر حاڵەتێکی ئەگەر یان ڕاستەقینەی پێکدادانی نێوان بەرژەوەندی کەسیی یان وەزیفیی لەگەڵ بەرژەوەندیی ڕێکخراوەکەدا، و ئاگادارکردنەوەی دەستەی بەڕێوەبردن لەو پێکدادانی بەرژەوەندییە (تضارب المصالح).

**دووەم.** ئامادەنەبوون لە هیچ کۆبوونەوەیەک و بەشداری نەکردن لە دەرکردنی هیچ بڕیارێک لەسەر هەر بابەتێک کە بەرژەوەندیی شەخسییانی تێدا بێت.

**سێیەم.** ئەو گرێبەستانەی کە لە نێوان خۆیان و ڕێکخراوەکە و ئەندامان دەبەسترێت تەبا بێت لەگەڵ پەیڕەوی نێوخۆی ڕێکخراوەکە.

**بەشی چوارەم**

**ئەحکامی دارایی**

**مادەی (13)**

سەرچاوەکانی ڕێکخراو لەم خاڵانەی خوارەوە پێک دێت:-

**یەکەم.** ئابوونەی ئەندامان.

**دووەم.** بەخشش و کۆمەک و میراتی (وصایا) و دیاریی ناوخۆیی و دەرەکی.

**سێیەم.** داهاتی چالاکی و پرۆژەکانی ڕێکخراوەکە.

**مادەی (14)**

**یەکەم.** ڕێکخراوەکە پابەند دەبێت بە خەرجکردنی سەرچاوە و داهاتەکانی لەو چالاکییانەدا کە ئامانجەکانی دەهێننە دی.

**دووەم.** ڕێکخراوەکە بۆی هەیە بەشداری لەو تەندەرانەدا بکات کە دەسەلاتی گشتی رایدەگەیەنێت، بە مەرجێک ئەو بەرهەم و خزمەتگوزارییانەی لە تەندەرەکەدا هاتووە لە چوارچێوەی تایبەتمەندێتی ڕێکخراوەکەدا بێت.

**سێیەم.** ڕێکخراوەکە بۆی هەیە موڵکوماڵ و زەویوزار (عقار)ی هەبێت وەک پێویست تا بنکەی سەرەکی و لقی تێدا بکاتەوە، یان بۆ کۆبوونەوەی ئەندامانی بەکاریان بهێنێت، یان بۆ ئەو ئامانجانەی هەیەتی، بە گوێرەی یاسا.

**چوارەم.** ڕێکخراوەکە بۆی هەیە بە گوێرەی یاسا هەر موڵکوماڵێک بفرۆشێت کە چی تر پێویستی پێی نەمابێت بۆ ئامانجەکانی، و پێویستە بەهای موڵکوماڵەکە بە داهات تۆمار بکرێت.

**مادەی (15)**

ڕێکخراوەکە ئەم راپۆرتانەی خوارەوە ساڵانە پێشکەشی فەرمانگە دەکات:-

**یەکەم.** یەک راپۆرتی دارایی کە وەسفێکی تێروتەسەلی سەرچاوەکانی دارایی ڕێکخراوە و کاروبارە داراییەکانی لەخۆ دەگرێت.

**دووەم.** راپۆرتێک لەسەر چالاکییەکانی ڕێکخراوەکە کە پوختەیەکی تێدا بێت سەبارەت بەو پرۆژانەی ڕێکخراوەکە لەو ساڵەدا جێبەجێی کردوون.

**مادەی (16)**

**یەکەم.** ڕێکخراوەکە هەموو پرۆسە داراییەکانی خۆی و وەرگرتنی سەرچاوەی دارایی و خەرجکردنیان لە ڕێی بانکی حکومی یان ئەهلییەوە و لە میانی حسابێکی بانکەوە ئەنجام دەدات.

**دووەم.** نابێت حسابی بانکیی ڕێکخراوەکە ببەسترێت (تجمید)، مەگەر بە بڕیاری دادوەر.

**مادەی (17)**

**یەکەم.** ئەو ڕێکخراوەی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کار دەکات لە باجی دەرامەت و باجی بەهای زێدە و تاریفە و گمرک و باجی فرۆشیاری بووراوە (بەخشراوە).

**دووەم.** پێویستە ئەو ڕێکخراوەی بۆ بەرژەوەندیی گشتیی کار دەکات، هەوڵ بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیی گشتی بدات و ئەمە ئامانجەکەی بێت.

**سێیەم**. بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران سیفەتی بەرژەوەندیی گشتی بە ڕێکخراوێک دەدرێت و هەر ئەم دەتوانێت لێی بسەنێتەوە، بە گوێرەی ڕاسپاردەیەکی سکرتێری گشتی (ئەمین عام)ی ئەنجومەنی وەزیران.

## بەشی پێنجەم

## تۆمار و وردبینیی حسابات

**مادەی (18)**

پێویستە ڕێکخراوەکە و لقەکانی ئەم تۆمارانەیان هەبێت:-

**یەکەم**. تۆماری ناوی ئەندامەکان، تێیدا ناوی ئەندامەکان و ناونیشانیان و ڕەگەزنامەیان و تەمەنیان و پیشەیان تۆمار دەکرێت.

**دووەم**. تۆماری بڕیارەکان، و تێیدا بڕیارەکانی دەستەی گشتی و بڕیارەکانی دەستەی بەڕێوەبردن تۆمار دەکرێت.

**سێیەم**. تۆماری ژمێرە (حسابات)، و تێیدا داهات و خەرجییەکانی ڕێکخراوەکە تۆمار دەکرێت.

**چوارەم**. تۆماری دارایی، و تێیدا پارەی بزواو (گوازراوە) و نەبزواو (نەگوازراوە)ی ڕێکخراوەکە تۆمار دەکرێت، لەگەڵ وەسف و بڕ و بەهاکانیان.

**پێنجەم**. تۆماری چالاکی و پرۆژەکان، تێیدا جۆری چالاکی یان پرۆژەکە، لایەنی دابینکەری دارایی، و سوودەکەی، تۆمار دەکرێت.

**مادەی (19)**

**یەکەم**. پێویستە ڕێکخراوەکە بەڵگەنامە داراییەکان و ڕاپۆرت و تۆمارەکانی تا (5) ساڵ بپارێزێت.

**دووەم**. پێویستە تۆمارەکانی ڕێکخراوەکە تەبا بن لەگەڵ پرەنسیپە کارپێکراوەکانی ژمێریاری بە گوێرەی یاسا.

**سێیەم**. ئەو ڕێکخراوەی بودجەی ساڵانەی لە 75 ملیۆن دینار زیاترە پێویستە ساڵانە لە میانی ژمێریارێکی یاسایی ڕێگەپێدراوەوە وردبینیی ژمێریاریی ناوخۆیی ئەنجام بدات.

**مادەی (20)**

**یەکەم**. ئەگەر فەرمانگە بڕوای وا بێت تۆمارە داراییەکانی ڕێکخراوەکە ورد نین و گەمەیان پێکراوە، ئەوسا بە هەماهەنگی لەگەڵ دیوانی چاودێری دارایی پرۆسەی وردبینی حساباتی ڕێکخراوەکە

ئەنجام دەدات. دیوانی چاودێری پێشوەخت بە 30 رۆژ رێکخراوەکە لەوە ئاگادار دەکاتەوە کە وردبینیی بۆ حساباتەکانی دەکات.

**دووەم.** پێویستە رێکخراوەکە هەموو زانیارییەکی پێویست بۆ پرۆسەی وردبینی، فەراهەم بکات.

**سێیەم.** نابێت فەرمانگە هیچ زانیارییەک لەو زانیارییانەی لە پرۆسەی وردبینییەکەدا ئاگاداری دەبێت، بۆ هیچ لایەنێک ئاشکرا بکات بێجگە لە لایەنە حکومییە پەیوەندیدارەکان.

## بەشی شەشەم

## ئاوێتەکردن و هەڵوەشاندنەوە

**مادەی (21)**

**یەکەم.** ئەو رێکخراوانەی ئامانجەکانیان هاوشێوەن یان لێک نزیکن، بۆیان هەیە لەگەڵ یەکتری تێکەڵاو ببن و یەک رێکخراو پێک بهێنن کە پەیڕەوێکی ناوخۆی تایبەت بە خۆی هەبێت، ئەمەش بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆی هەر یەکێکیان.

**دووەم.** رێوشوێنەکانی ئاوێتەبوون و دامەزراندنی رێکخراوی نوێ بە گوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە دەبێت.

**سێیەم.** رێکخراوی خاوەن ئامانجی بەرژەوەندیی گشتیی بۆی نییە بێجگە لە رێکخراوی خاوەن ئامانجی بەرژەوەندیی گشتی لەگەڵ هیچ رێکخراوێکی تر ئاوێتە ببێت کە خاوەنی ئامانجی بەرژەوەندیی گشتیی نەبێت.

**چوارەم.** رێکخراوەکە بۆی هەیە سەر بە رێکخراوێکی تر یان دەستە یان یانە یان دەستگا یان تۆڕێکی تر بێت کە ئامانجەکانیان لەگەڵ یەک تەبا بێت و بارەگاکەی لە دەرەوەی کۆماری عێراق بێت، یان بەشداری لەگەڵ بکات، یان بچێتە پاڵی.

**پێنجەم.** رێکخراوە نوێیەکە لەو رۆژەوەی بڕوانامەی تۆمارکردنەکەی بۆ دەرچووە دەبێت بە خاوەنی کەسایەتیی مەعنەوی، و دەبێتە جێگرەوە (خەلەف)ی رێکخراوە ئاوێتە بووەکان لە کاروبارەکانی وەک مافەکان و پابەندێتییەکانیان.

**مادەی (22)**

**یەکەم.** هەڵوەشاندنەوەی رێکخراو یان خوازیارانە دەبێت بە بڕیاری ئەندامانەکانی بە گوێرەی پەیڕەوی ناوخۆ، یان دادوەرییانە دەبێت بە بڕیاری دادگا.

**دووەم.** ئەگەر ڕێکخراوەکە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی خۆی دا، پێویستە لە ماوەی (30) سی ڕۆژ لە ڕۆژی دەرکردنی بڕیارەکەیەوە فەرمانگەکە ئاگادار بکاتەوە، و پاکسازێک (مصفي) تەرخان بکات، یان داوا لە فەرمانگە بکات پاکسازێکی بۆ هەڵبژێرێت و بۆی تەرخان بکات.

**سێیەم.** لە حاڵەتی دەرکردنی فەرمانی هەڵوەشاندنەوە لە لایەن دادوەرییەوە، دادگا پاکسازییەکە دابین دەکات.

**چوارەم.** ڕێکخراەکە بۆ مەبەستی کاروباری تەسفییەکردنەکە لیدوانێکی داراییە گوازراوە و نەگوازراوەکانی دەرەکات، و ئەم لیدوانە پشت دەبەستێت بە جێبەجێکردنی پابەندێتییەکانییەوە و ئەوەی بمێنێتەوە بە گوێرەی پەیڕەوی نێوخۆی ڕێکخراوەکە دابەش دەکرێت، مەگەر ئەو پارانەی لە بەخشش و یارمەتیی و میرات (وصیە)ەکانەوە دێن، ئەمانە دەدرێن بە ڕێکخراوێک کە ئامانجەکانی هاوشێوە بێت، ئەم ڕێکخراوە لە لایەن دەستەی بەڕێوەبردن یان دەستەی گشتیی ڕێکخراوەکەوە دیاری دەکرێت.

## بەشی حەوتەم

## سزاکان

**مادەی (23)**

بە ڕەچاوکردنی یاساکانی تر، ڕێکخراوەکە لە کاتی سەرپێچی لە ئەحکامی ئەم یاسایە ئەم سزایانەی خوارەوەی بەسەردا دەسەپێندرێت:-

**یەکەم.** هەڵپەساردن، ئەمە بە بڕیاری فەرمانگە دەبێت و بەم شێوەیە دەبێت:-

**أ.** ئاگادارکردنەوەی ڕێکخراوەکە بەوەی پێویستە لە ماوەیەکدا کە زێتر نییە لە (10) دە ڕۆژ لە ڕۆژی ئاگادارکردنەوەکەوە، ئەو سەرپێچییە لاببات (بسرێتەوە).

**ب.** هەڵپەساردنی کاری ڕێکخراوەکە بۆ ماوەیەک کە لە (30) سی ڕۆژ زیاتر نەبێت ئەگەر لەو ماوەیەی کە لە بڕگەی (أ)ی ئەم مادەیەدا هاتووە ئەو سەرپێچییەی نەسڕێتەوە، یان ئەگەر هاتوو هەمان سەرپێچی دووبارە بکاتەوە.

**ج.** ڕێکخراوەکە بۆی هەیە لای سکرتێری گشتی (ئەمین عام)ی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی (10) دە ڕۆژ لەو ڕۆژەوەی بڕیاری هەڵپەساردنەکەی پێ ڕاگەیەندراوە، تانە لە بڕیارەکە بدات.

**د.** سکرتێری گشتیی ئەنجومەنی وەزیران لە ماوەی (10) دە ڕۆژ لەو ڕۆژەوەی لە نووسینگەکەی تانەکەی وەرگرتووە، بڕیار لەسەر تانەکە دەدات. دەتوانرێت لە ماوەی (10) دە

ڕۆژ لەو ڕۆژەوەی بڕیارەکەی سکرتێری گشتیی بە ڕێکخراوەکە گەیشتووە، یان ئەگەر بڕوا وا بوو پێی گەیشتبێت، ڕێکخراوەکە لەلای دادگای تەمییز داوای تێهەڵچوونەوەی ئەم بڕیارە بکات.

**دووەم:** هەڵوەشاندنەوە، لەسەر داوای فەرمانگە و بە فەرمانی دادوەر دەردەچێت، و ئەمەش لە یەکێک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا:

أ. ئەگەر چالاکیی ئەوتۆی ئەنجام دا کە ناکۆک بێت لەگەڵ ئامانجە داڕێژراوەکانی ناو پەیڕەوی ناوخۆکەی، کە لەم یاسایەدا باسی کراوە.

ب. ئەگەر بسەلمێنرێت سەرپێچی لە یاسا کارپێکراوەکانی عێراق کردووە.

ج. ئەگەر سەرپێچییەکەی نەسڕییەوە هەرچەندە ئاگاداریش کرا بووبێتەوە، و هیچ شێوازێک نەما بێت بۆ تانەدان لە بڕیاری هەڵپەساردنەکە.

## بەشی هەشتەم

## ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان

**مادەی (24)**

لقی ڕێکخراوی ناحکومیی بیانی لە عێراق بە گوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە تۆمار دەکرێت.

**مادەی (25)**

**یەکەم.** لقی ڕێکخراوەکە بە مەبەستی تۆمارکردنی، ئەم زانیاری و بەڵگەنامانەی خوارەوە پێشکەش دەکات:-

أ. ناوی ڕێکخراوەکە.

ب. ناونیشانی نووسینگەی سەرەکیی لقی ڕێکخراوەکە لە عێراق، بە پشتگیری لایەنی فەرمیی تایبەتمەندەوە.

ج. لێدوانێکی تێروتەسەلی ئەو چالاکییانەی لقی ڕێکخراوەکە دەیەوێت لە عێراق جێبەجێی بکات.

د. ناو و ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنی کارمەندانی لقی ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییە کە لە عێراق نیشتەجێن.

هـ - وێنەی ڕەگەزنامەی عێراقی و ناسنامەی باری کەسیی کارمەندانی عێراقی، و وێنەی پاسپۆرت و بەڵگەنامەی نیشتەجێبوونی کارمەندی بیانی.

و. پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوە سەرەکییەکە.

ز. بەڵگەنامەیەکی بڕواپێدراو بۆ سەلماندنی ئەوەی ڕێکخراوە بیانییە سەرەکییەکە لە وڵاتی خۆیدا وەک ڕێکخراوێکی ناحکومیی قازانج نەویست تۆمار کراوە.

ح. راپۆرتێک لەسەر چالاکییەکانی ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکە لە دەرەوەی عێراق.

**دووەم.** پێویستە ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی لە بەندی (یەکەم)ی ئەم مادەیەدا هاتوون بۆ زمانی عەرەبی وەرگێڕدرابێت، و لایەنێکی فەرمی فەرمی دروستێتی وەرگێڕانەکەی پەسەند کردبێت.

**مادەی (26)**

ڕێکخراوی ناحکومی بیانی بۆی هەیە لە کۆماری عێراق لقی خۆی بە گوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە بکاتەوە.

**مادەی (27)**

لقەکانی ئەو ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییانەی لە عێراق کار دەکەن، ئەحکامی یاسا عێراقییەکانیان بەسەردا پیادە دەکرێت.

## بەشی نۆیەم.

## تۆڕی ڕێکخراوی ناحکومی

**مادەی (28)**

**یەکەم:-**

هەموو دوو ڕێکخراوێک یان زیاتری تۆمارکراو لە کۆماری عێراق بە گوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە، بۆیان هەیە تۆڕی ڕێکخراوی ناحکومی پێکبهێنن.

**دووەم:-**

تۆڕەکە داواکاریی تۆمارکردن پێشکەشی فەرمانگەکە دەکات بە گوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە، و ئەمانەی خوارەوەی لەگەڵ پێشکەش دەکرێت:-

أ. لێدوانی دامەزراندن.

ب. پەیڕەوی ناوخۆی تۆڕەکە.

ج. وێنەی بەڵگەنامەی تۆمارکردنی ئەو ڕێکخراوانەی تۆڕەکە دادەمەزرێنن.

**سێیەم:-**

تۆڕەکە کەسایەتییەکی مەعنەویی سەربەخۆ وەردەگرێت کە جیاوازە لە کەسایەتیی ڕێکخراوە پێکهێنەرەکانی.

**چوارەم:-**

تۆڕەکە بۆی هەیە بچێتە پاڵ تۆڕێکی تر یان زیاتر.

**پێنجەم:-**

تۆڕەکە بۆی هەیە ئەندامێتی لقی ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان پەسەند بکات بە گوێرەی ئەحکامی ئەم یاسایە بەم مەرجانەی خوارەوە:-

أ. نابێت نوێنەری لقی ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکە سەرۆکی تۆڕەکە بێت.

ب. نابێت ژمارەی لقەکانی ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان لەناو تۆڕەکە و لە هیچ دەستەیەک لە دەستەکانیدا زیاتر بێت لە (25%) بیست و پێنج دەرسەدی ژمارەی ئەندامەکان.

**شەشەم:-**

ئەو ئەحکامەی بەسەر ڕێکخراوەکاندا دەچەسپێن بەسەر تۆڕەکانیشدا دەچەسپێن لە بوارەکانی وەرگرتنی کەسایەتیی مەعنەوی و ئاوێتەبوون و هەڵوەشاندنەوە و مافەکان و ئەرکەکان و سزاکان، و ئەو شتانەی بۆ ڕێکخراو قەدەغەن، بۆ تۆڕیش قەدەغەن.

## بەشی دەیەم

## ئەحکامی گشتی و کۆتایی

**مادەی (29)**

ڕێکخراوی ناحکومی بۆی هەیە لە ناوەوە و دەرەوەی کۆماری عێراق لق بکاتەوە.

**مادەی (30)**

نابێت ڕێکخراوەکە ناوێک لە خۆی بنێت کە هاوشێوەی ناوی لایەنی حکومی یان حزب یان قەوارەی سیاسی یان کۆمەڵە و سەندیکاکان بێت.

**مادەی (31)**

ڕێکخراوەکە پابەند دەبێت بە ئاگادارکردنەوەی فەرمانگەکە لە هەر گۆڕانکارییەکی ئەو زانیاری و بەڵگەنامانەی پێشکەشی فەرمانگەی کردووە لە ماوەی (30) ڕۆژ لەو ڕۆژەوەی گۆڕانکارییەکە ڕوویداوە.

**مادەی (32)**

لقی ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییەکان بۆیان هەیە پارەی گوازراوەیان هەبێت بە گوێرەی یاسا.

**مادەی (33)**

**یەکەم.** ئەحکامی ئەم یاسایە بەسەر ئەمانەی خوارەوەدا پیادە دەکرێت:

أ. هەموو ڕێکخراوە ناحکومییە تۆمارکراوەکان لە کۆماری عێراق پێش جێبەجێکردنی یاساکە، بێجگە لەوانەیان کە بە یاسای تایبەتی دامەزراون.

ب. لقی ڕێکخراوە ناحکومییە بیانییە تۆماکراوەکان لە عێراق، مەگەر دەقێک پێچەوانەی ئەمە هەبێت.

**دووەم.** ئەو ڕێکخراوە ناحکومییانەی ئەحکامی بڕگەی (أ) لە بەندی (یەکەم)ی ئەم مادەیە دەیانگرێتەوە پابەند دەبن بە خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەحکامی ئەم یاسایە لە ماوەی (180 ڕۆژ) لە ڕۆژی جێبەجێکردنییەوە.

**سێیەم.** ئەحکامی ئەم یاسایە ئەو حزبە سیاسی و سەندیکا پیشەیی و یەکێتی و کۆمەڵانە ناگرێتەوە کە بە گوێرەی یاسای تایبەت دامەزراون.

**مادەی (34)**

ئەمانەی خوارەوە هەڵدەوەشێنرێنەوە:-

**یەکەم.** یاسای کۆمەڵەکانی پەیوەندار بە بیانی ژمارە (34) ساڵی 1962.

**دووەم.** یاسای کۆمەڵەکان ژمارە (13) ساڵی2000.

**سێیەم.** فەرمانی دەسەلاتی کاتیی هاوپەیمانان (هەڵوەشاوە) ژمارە (45) ساڵی 2003 سەبارەت بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

**چوارەم.** فەرمانی ژمارە (16) ساڵی 2005 (هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندیی نووسینگەی یارمەتیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان).

**مادەی (35)**

سکرتێری گشتیی ئەنجومەنی وەزیران بۆی هەیە ڕێنمایی دەربکات بۆ ئاسانکردنی جێبەجێکردنی ئەحکامی ئەم یاسایە.

**مادەی (36)**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەیەوە لە ڕۆژنامەی فەرمیی، کاری پێدەکرێت.

**هۆکارەکانی دەرچواندنی ئەم یاسایە**

بە مەبەستی دڵنیایی لە مافی دامەزراندنی ڕێکخراوی ناحکومی و ئەندامێتی تێیدا وەک دەستور دابینی کردووە، و بە مەبەستی تۆمارکردنی ڕێکخراوی ناحکومی عێراقی و لقی ڕێکخراوی ناحکومی بیانی، ئەم یاسایە دەرچوو.